# لە سێدارەدانی بیر و ڕای ئازاد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com



ئەوەی ئەمڕۆ رژێمی ئێران پیادەی دەکات دژی رۆژنامەنووسان وچالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ و مەدەنی بڕواناکەم لە هیچ وولاتێکی دیکەدا بەم شێوازە نامرۆڤانە بوونی هەبێت ,ئەو سانسۆر و پرۆتیستوکردنەی بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان دەکرێت هیچ یاسا و رێسایەکی جیهانی و مرۆڤایەتی پەسەندی ناکات ,لەم هەفتەیەدا دادگای سنە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ رۆژنامەنوس ( عەدنان حەسەنپوور ) ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی ( ئاسۆ ) ی داخراو و چالاکڤانی مەدەنی ( هیوا بووتیمار ) دەرکرد ,کە هەمیشە رژێمی ئێران دژی دەنگە ئازادەکان بووە و ئارەزووی سەرکوتکردنی ئەو دەنگانەیە کە دەیانەوێت لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئێراندا خزمەتی بواری مافی مرۆڤ و کاری مەدەنی بن ,ناکرێت ئەوەمان لە یاد بچێت ئەوەی رژێمی ئێران کردی لە دژی ئەم رۆژنامەنووسانە پێشتر چەندین رۆژنامە و کەسی بواری مافی مرۆڤی زیندانی کردووە ,ئەمە لەلایەك و داخستی هەردوو رۆژنامەی ( رۆژهەلات ) و ( ئاسۆ ) و چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکە یەکێك بووە لەو کارە ڤێزەونانەی کە بەرانبەری رۆژنامەی کوردی کرا و تاهەنووکە زۆرینەی ئەو رۆژنامەنووسانە سزاکەیان تەواو نەبووە و هەر رۆژە و بەمەبەستێك دوادەخرێت و بەووتەی خۆیان گوایە ئیش لەسەر لاوازکردنی رژێمی ئێران و بلاوبوونەوەی ئازای بیر ورا دەکەن.

بێ ئامادەگی پارێزەران و گوێ نەگرتن لەکەسانی پسپۆر لە مافی مرۆڤ و گرنگی نەدان بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ رژێمی ئێران هەمیشە لە بڕیارداندا پەلەی پێوەدیاربووە و تۆتالیتاریانە مامەلەی کردووە هەتاکو بە بێدەنگی مێدیا جیهانیەکانەوە دۆخەکە ئارامبکاتەوە ,ئەوەی جێگای ئازارە رۆژنامەنووسێك بیەوێت هەولی بە مۆدێرنە کردنی کۆمەلگە و رەخنە لە لاوازییەکانی دەسەلات بگرێت دەبێت ئەوژێمە بەم ئەندازەیە مامەلەی لەتەکدا بکات کەمترین سزای لە سێدارەدان بێت کەتەنیا لە ئێراندا بەم شێوازە مامەلەی نامرۆڤانە لەتەك رۆژنامەنوساندا دەکرێت ,نابێت هەرێمی کوردستانیش لەیاد بکەین چەندین جار بەچەند شێوازێکی نامرۆڤانە دەیان رۆژنامەنووس لەلایەن دەسەلاتی کوردیەوە لە لێواری مەرگ نزیك کراونەتەوە .

ئەمڕۆ رۆژنامەنووسان لە هەموو شوێنێك بێ رێزیان بەرانبەر دەکرێت ,وەلێ ئەگەر رۆژنامەنووسێك ئیشی شاردنەوەی گەندەلیەکانی دەسەلات بێ و خزمەتی حیزبەکان بکات و هەولی شکستی دەنگە ئازادەکان بدات ,ئەوە لە لایەن دەسەلاتەوە جێگای تایەبەتی دەبێت و دەکرێتە نموونەی رۆژنامەنوسی ,ئەفسوس پێچەوانەی ئەم جۆر کە رۆژنامەنووسی ئازادە و بیەوێت رەخنە لە دەسەلات بگرێت ئیشی نیشاندانی گەندەلیەکان بێت ئەوا بێگومان لەلایەن دەسەلاتەوە ئەوپەری بێ رێزی بەرانبەر دەکرێت و وەکو ئەو نموونە زیندوانەی رۆژانە دەیبیین و دەیبیستین لە رۆژنامەکانەوە.

رژێمی ئێران هەمیشە بەوە ناسراوە لە دژی دەنگە ئازادەکان بجەنگێ و تەنانەت زۆر جار ناچارکراون ئەو رۆژنامەنووس و چالاکڤانانەی بواری مافی مرۆڤ بەرەو مەنفا بڕۆن و تەنیا لەدەرەوەی ئێران بتوانن ئازادانە بنووسن ,ئەمە لە کاتێکدایە هەنووکە ئاغای ( نەژادی ) بەرەهایی مەدەنیەت و بلاوکردنەوەی بیروڕای ئازاد رەددەکاتەوە و کاریگەری کردوەتەسەر ئاستی رۆژنامە و دەنگی ئازاد لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستاندا,ئەوبڕیارەی لەم رۆژانەدا لەلایەن داداگای سنەوە دەرچوو بۆ لە سێدارەدانی ئەو رۆژنامەنووسانە یەکێکە لە کارە ناشرینەکانی رژێمی ئێران و لەبەردەوامیدایە بۆ خنکاندنی دەنگی ئازاد و شکستی بواری رۆژنامە و مەدەنیەت .

ئەوەی زۆر گرنگە ئەمڕۆ رۆژنامەنووسانی باشووری کوردستان و رۆژنامەنووسانی بیانی و کەسانی بواری مافی مرۆڤ و چالاکڤانان و پسپۆرانی بواری یاسا و هەموو رێکخراوە مەدەنیەکان و رێکخراوە جیهانیەکان,هەموو یەك دەنگ بن بەرانبەر بە هەلوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی دژی ئەو دوو رۆژنامەنووسە دەرچووە و خۆپیشاندانی گەورە بکرێت لەشارەکانی کوردستان و بەیاننامەی نارەزایی بلاوبکرێتەوە و لەدەرەوەی وولات بە تایبەت ئەو کەسانەی کە لەبواری رۆژنامە و یاسادا کار دەکەن پێویستیەکی گرنگە و خزمەت بە بواری رۆژنامەنوسان بکەن و پرۆتیستۆی ئەو

**کاره نامرۆڤانەیە ببنەوە کەرژێمی ئێران لە دژی کەسانی بواری رۆژنامە و مافی مرۆڤ پراکتیزەی دەکات.**

**ئەو پرۆسە ڕەشبگیریەی ڕژێمی ئێران بەڕێوەی دەبا و دەیەوێت بواری رۆژنامە و مافی مرۆڤ لاواز بکات لە لە ئێران و بەتایبەت لەرۆژهەلاتی کوردستان هێندەی هانی رۆژنامەنوسان دەدات بە رۆحیەتیەکی ئازادەوە بەرەنگاری ئەو دۆخە ترسناکە ببنەوە هێندە ئیش لەسەر لاواز کردنی بواری مەدەنیەت و مافی مرۆڤ ناکات ,یان بەمانایەکی دی ئەوەی رژێمی ئێران خەونی پێوە دەبینێت کە دەنگە ئازادەکان زیندانی بکات و لەناویان بەرێت بە پێچەوانەی ویستی رژێمی ئێرانەوە زیاتر هانی رۆژنامەنووسان دەدات گرنگی بە بواری مەدەنیەت و دیموکراسی بدەن و ئیش بکەن بۆ لاوازکردنی عەقڵەیەتی رژێمی ئێران و ئاکتیڤ کردنی هاولاٌتیان و گرنگی دان بەمافە سەرەتاییەکان و درووستکردنی کومەڵگای مۆدیرن و کۆکردنەوەی دەنگ و رەنگی جیاواز و دەنگی ئازاد.**